ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
65
10 ی ئاب/ ئۆگەست ی 2023

## هەڵبژاردن دەست بۆ پایەی سیستەمی سیاسی و چینایەتی نابات، بەڵکو لە مەترسی شۆرش دەیپارێزێت!

## هەڵبژاردن کارتێکی سوتاو!



موحسین کەریم

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێم، رۆژی ٢٥ ی شوباتی ساڵی داهاتووی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەستنیشان کرد! بەپێی لێدوانەکانی دڵشاد شەهاب، وتەبێژی سەرۆکی هەرێم، ئەم بڕیارەی نێچیربارزانی دوای رەزامەندی هەموو لایەنە سیاسیەکان و بەتایبەتی پارتی و یەکێتی دراوە. زیاتر لە ساڵێک بوو یەکێتی و پارتی لەسەر پرسی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەمشتومڕو بگرەوبەردەدا بوون و کۆبونەوەکانیان سەبارەت بەو مەسەلەیە، سەرباری هۆشداریەکانی نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان لەعێراق، بێئاکام کۆتایی دەهات!
ماوەی ساڵێکە جنین پلاسخارت، نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان لە عێراق، چەندین کۆبونەوەی لەگەڵ سەرانی پارتی و یەکێتی و حزبە بۆرژواییەکانی دیکەی کوردستان سازداو هوشداری ئەوەی بە یەکێتی و پارتی دەدا کە ئەگەر هەڵبژاردن ئەنجام نەدەن ئەوا دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان بەو شێوەیەی ئێستای نامێنێتەوەو بەرەو ئاقارێکی ترسناک دەڕوات! بەڵام کێشەو ململانێکانی نێوان یەکێتی و پارتی لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و نفوزو داهات و شکڵپێدانەوەی هاوسەنگی هێزی سیاسی نێوانیان، لەناو بنبەستێکی کوشندەدا دەخولایەوەو تائێستاش کە ئەم بڕیارە دراوە، هیچ ئاماژەیەک بۆ دەرچوون لەو بنبەستە بەرچاو نیە.
بەڵام ئایا ئەم بڕیارەی سەرۆکی هەرێم، کە هاوکات جێگری یەکەمی سەرۆکی پارتیشە، کە پێکهێنەرو خاوەنی سەرەکی حکومەتی هەرێمە،

بۆ لاپەڕە ٢



## هێزە کوردیەکان و مامەڵەی سنور لە نێوان عێراق و سوریا

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣

## بارزگا نەدەین کوردستانی عێراق ببێتە مەیدانێک بۆ یەکلاکردنەوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەدژی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان!

فشارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ چەککردنی هێزە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان لەدوای کوشتنی"ژینا ئەمینی" و هێرشەکانی ساڵی ڕابردوی ئێران بۆسەر ئەو حزبانە تادێت چڕدەبێتەوە. عەلی شەمخانی، ئەمینداری باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران، لەدوای سەردانی بۆ عێراق و کۆبوونەوەی لەگەڵ قاسم ئەعرەجی، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق، ڕێکەوتننامەیەکی ئەمنیان واژۆکردوە کە تایبەتە بە ئاسایشی سنورەکانی نێوان هەردو وڵات و

بۆ لاپەڕە ٧

## خاڵێکی هاوسەنگیی نوێی ئیسلامی لە ئێراندا مومکین نییە! (مەنسور حیکمەت) لاپەڕە ٩



## پایە سەرەکییەکانی 'قەوارەی' هەرێم!

توانا موحەممەد نوری

بۆ لاپەڕە ٨

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

# درێژەی...............هەڵبژاردن، کارتێکی سوتاو!

دەتوانێ دەرگا بەرووی کردنەوەی گرێکوێرەی نێوان پارتی و یەکێتیدا بکاتەوەو هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت!؟ دوبارە لەسەر بنەمای هەڵبژاردن، حکومەتی هەرێم سازبدرێتەوە کە دەسەڵاتی سیاسی- ئیداری بەسەر هەرێمی کوردستاندا هەبێت و کۆتایی بەو ئەمری واقیعە بهێنێ کە ئێستا هەیە؛ واتە ئەوەی کە حکومەت وەکو حکومەتی پارتی تەماشا دەکرێ و یەکێتی وەکو خاوەنی ناوچەی نفوزی خۆی کە خۆی بەشەریکی حکومەت نازانێ و بگرە زۆرجار وەکو ئۆپۆزیسیۆنی حکومەت قسە دەکات!؟ ئایا دەکرێ ئاکامی هەڵبژاردن، پێکهێنانی حکومەتێکی یەکپارچە بێت کە سەقامگیری سیاسی بۆ کوردستان بهێنێ و دابەشبوونی ناوچەی سەوزو زەرد بەسەر دوو ناوچەی نفوزی سەر بە ئێران و تورکیادا کۆتایی پێبهێنێ!؟ ئایا دەکرێ دوای هەڵبژاردن، یەکێتی و پارتی بە بەشی خۆیان لە دەسەڵات و داهاتدا رازی بن و ئیتر یەکێتی واز لەرێگای بەغداو نزیکبوونەوە لە ناوەند بهێنێ بە ئامانجی فشارخستنە سەر پارتی تا رازی بکات لە دەسەڵاتی هەرێمدا بیکاتە شەریکێکی یەکسان و هاوتا!؟ ئەمە هێشتا باسەکە لەسەر ئەوە نیە کە ئایا هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی یەکپارچەو یەکگرتوو چ خێرێکی بۆ خەڵکی کوردستان تێدایە! یاخود لە بەرنامەی سیاسی و ئەجندای حوکمرانی ئەو دوو حزبەدا هیچ شتێک بەناوی بەرژەوەندی و مافەکان و گوزەرانی خەڵک و ئازادیەکانیەوە جێگای هەیە!؟ کە ئەزمونی زیاتر لە ٣٠ ساڵی رابردوو بە قیمەتی وێرانکردنی ژیانی خەڵکی کوردستان و لەژێرپێنانی مافەکانیان و سەندنەوەی هەرچی دەسکەوتێکی ئابوری و خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری هەیە، تەواوبووە! هێشتا باسەکە لەسەر ئەوە نیە کە ئایا دوای ئەو هەموو ئەزمونەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ پەرلەمان و حکومەت و حزبەکانی بۆرژوازی کوردو بەتایبەتی دەسەڵاتی جووتحزبی میلیشیایی پارتی و یەکێتیدا، خەڵک جارێکی دیکە پەنجە دەکاتەوە بە مەرەکەبی دەنگداندا!؟ هەڵبژاردنەکانی ئەم یەک دوو خولەی رابردووی پەرلەمانی کوردستان و بگرە پەرلەمانی عێراق، سەرەرای هاتوهاواری حزبەکانی کوردایەتی بۆ هەڵخراندنی هەستی نەتەوەیی بەرامبەر بە عەرەب و تورکمان بۆ "بەهێزکردنی نوێنەرایەتی کورد" لە بەغدا، ئەوەی دەرخست کە خەڵکی کوردستان ئەوەندە هوشیاری سیاسیان بەدەست هێناوە کە بەو جۆرە دەهۆڵکوتانە هەڵنەپەڕن!

هەڵبژاردنی پەرلەمان لەڕوانگەی خەڵکی کوردستانەوە بێبەهایە! دەمێکەیە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و نارازی پەنایان بۆ هێزی خۆیان بردوە بۆ وەرگرتنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان و بەرگری لەژیان و گوزەران و ئازادیەکانیان. لەوپێناوەشدا دەیان قوربانیان داوە بەدەستی چەکبەدەستەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و دەسەڵاتی بۆرژوازی خۆماڵی! بۆیە هەر لەئێستاوە دیارە کە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە لەگۆشەی بەشداریکردنی خەڵکەوە، شکستە! خودی یەکێتی و پارتی و سەرۆکی هەرێمیش، دەزانن کە هەڵبژاردنی پەرلەمان پێگەو بایەخێکی سیاسی جدی نەماوەو نیە بۆیان. ئەوان بەپێی ئەمری واقیع فەرمانڕەوایەکی قێزەون و بێزراون لای خەڵک. دەزانن کە ناتوانن شەرعیەتی سیاسی و یاسایی بۆ دەسەڵاتەکەیان لەرێگای دەنگدانی خەڵکەوە وەربگرن! ئەو پێگەیەی کە پەرلەمان و هەڵبژاردن هەیانە بۆ ئەو دوو حزبەو بۆ دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازی کورد بەقەدەر پێگە سیاسی و یاساییەکەی نێچیرڤان بارزانی، وەکو سەرۆکی هەرێم، بایەخی هەیە! نێچیرڤان بارزانی، ئێستا هەمان پێگەی لەتیف رەشیدی سەرۆک کۆماری عێراقی هەیە لەناو پێکهاتەی دەسەڵاتداریتی کوردستاندا! بۆیە جێ و رێی ئەم بریارەش هەرئەوەندەیە!

ئەوەی کەزۆر پروپاگەندە بۆ هەڵبژاردن و دەنگدان دەکات، نەوەی نوێیە. ئەویش دەیەوێ لەرێگای ئەو خزمەتە بچکۆلانەیەی کە بە پارتی و یەکێتی دەیکات لەرێگای ئیحترام دانان بۆ دەنگدان و هەڵبژاردنی ژێردەسەڵات و سایەی یەکێتی و پارتی و لولەی چەکی میلیشیاکانیان، لە پەراوێزی ئیمتیازەکانی ئەو دوو حزبەدا چەند کورسیەکی پەرلەمان و چەند ملیۆن دۆلارێکی پەرلەمانتاری و چەند پرۆژەیەکی بازرگانی نوێی دەست بکەوێ و کۆنەکانیشی پارێزراو بێت!

★

**حکومەت و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی شکستی خۆی راگەیاندووە مانەوەی تەنها کارەساتەکانی ژیانی خەڵک زیاتر دەکات! کاتی ئەوە هاتوە خەڵک خۆتان بریاری کۆتایی بدەن و شێوازی ژیان و ئایندەی خۆتان دەستنیشان بکەن. سیاسەتبازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دۆستی درۆینەی ئێوەن و کاریان پاراستنی دۆخی ئێستایە لەزەبری تورەیی و شۆڕشی ئێوە بەناوی دژایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتەو حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە!**

# هێزە کوردیەکان و مامەڵەی سنور لە نێوان عێراق و سوریا

## عوسمانی حاجی مارف

شکستی داعش کاریگەری نەبوو لەسەر دابینکردنی سەقامگیری بۆ سنوری نێوان عێراق و سوریا، ئەو سنورەی کە بە یەکێک لە ناوچە ناجێگیرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست هەژماردەکرێت، کە جۆرەها قەوارەی فراکسیۆنە کوردیەکان کاری لەسەر دەکەن، کەبۆ بەرژەوەندیەکانیان مامەڵەی لەسەردەکەن.

دوای ئەوەی حکومەتی سوریا کۆنترۆڵی سنورەکانی لەدەستدا و پێگەی حکومەتی عێراقیش لەو ناوچانەدا سنوردار بوو، دەرگا ئاواڵەبوو بۆ هاتوچوو بازرگانی و قاچاخچێتی کردنێکی گەورەو فروان، بەتایبەتی دوای ئەوەی پەکەکە بەشدار بوو لەشەر دژی داعش و سەرکەوتوبوو لە چەسپاندنی نفوزی خۆی لەسەر سنورەکان. لەهەمانکاندا کاریگەری و رۆڵی تایبەتی هەبوو لەسەر پەیوەستکردنی رێکخراو و گروپە کوردیەکانی سوریا بە سیاسەتەکانی خۆیەوە. هەر ئەو سنورە بووە سەرچاوەیەکی سودمەند بۆ پێگەو نفوزی زیاتری پەکەکە.

ئەم حاڵەتەش کێشەو رکابەری نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پەکەکەی گەورەترکردەوە. ئەم کێبەرکێیە بەرجەستەی پێکدادانی دوو هێزی چەکدارە بۆ بەرزکردنەوەی پێگەو نفوزی سیاسی و بەرجەستەکردنەوەی دەسەلات لە هەردوو دیوی سنوری نێوان سوریا و عێراقدا. پەکەکە هەوڵدەدات بەشێوەیەکی پێچەوانەی پارتی سنوورەکان بگۆرێت بۆ ژێر کۆنترۆڵی دەسەلاتی خۆی. پارتی دیموکراتی کوردستانیش ئامانجی چەسپاندنی واقیعی سنوورەکانە بۆ دیاریکردنی دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. جگە لەوەش پارتی لەگەڵ تورکیا هاوپەیمانی هەیە بۆ شەرکردن لەبەرامبەر پەکەکەدا کە لە باکووری عێراق و سووریا هەڵمەتێکی سەربازی لە دژی پەکەکە بەرێوە دەبات. هەربۆیە ئەو دۆخە بەشێوازێک گۆردراوە کە بە شکستی داعش سەقامگیری بۆ سنووری عێراق و سوریا نەهاتۆتە ئاراوە. تا ئێستاش وەک یەکێک لە ناوچە ناجێگیرەکانی جیۆپۆلەتیکی رۆژهەڵاتی ناوەراست ماوەتەوە. لەهەمانکاتدا ئەو دۆخە بەشێکە لەهۆکاری ناجێگیری سیاسی لە کوردستاندا.

نەمانی دەسەلاتی حکومەتی سوریا و عێراق لەو ناوچە سنوریانەی کوردستان، بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین گرووپی ناسیۆنالستی چەکداری کە هەوڵی پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەیان داوە. گۆرانکاریەکی بەرچاو بەدرێژایی بەشی باکووری سنووری عێراق و سووریا لەپرۆسەی نەمانی دەسەلاتی ئەو دوو دەوڵەتەدا روویدا. ئەمە بۆ یەکەمجارە لەدوای مێژوویەک لە سەرهەڵدانی دەوڵەت لە عێراق و سوریا، بەشێک لە سنوورەکانی هەردوولا، لەلایەن هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە بەرێوەببرێت و ببێتە سنوری نێوان کورد و کورد، کە کاردانەوەی درێژخایەنی ناسەقامگیری لەسەر ناوچەکە داناوە.

لەدیوی سوریاوە، ئەو بەشە سنوورەی مڵکەچی دەسەلاتی ئیدارەی گروپە کوردەکانە کە دیارترینیان "یەپەکەیە"، لە تێکەڵبون و پەیوەندیەکی رێکخراوەیی تایبەتدایە لەگەڵ "پەکەکە"دا، بۆیە پەکەکە سوودی لەم پەیوەندیانە وەرگرتوە بۆ دامەزراندنی دەروازەی سنووری نافەرمی. تا رادەیەک سنووری جیاکردنەوەی هەردو دوو دەوڵەتی سوریاو عێراقی سریەوە، وەک درێژەدان بەو دەورەی داعش لەسنورەکان پیادەی کرد. لەلایەنی عێراقیشەوە، بارزانی سەرەرای کشانەوەی لە شەنگال و شکستی لەریفراندۆمدا توانی پاراستنی کۆنترۆڵی خۆی بەسەر چەند بەشێکی ئەم بەشە سنوورییەدا درێژە پێبدات.

ئەم واقعیەتە کێشەو رکابەری نێوان لایەنەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی هەردوو دیوی سنووری توندتر کردەوە. لەهەمانکاتدا گرنگییەکی زۆریان بە کردنەوە و پەرەپێدانی دەروازە سنوورییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی داوە. لە ژێرڕۆشنایی ئەو گەمارۆیەی تورکیا لە باکوور و ئۆپۆزسیۆنی سوریا لە باشوور و رۆژئاواوە سەپاندویانە، ئەم دەروازانە تاکە پەیوەندییەکی جێی متمانەیە لە نێوان ئیدارەی کوردەکانی سوریا و جیهانی دەرەوەدا، بەو پێیەی زۆربەی هەناردە و هاوردەکردنی کاڵا پشت بە هاتوچۆی بێ سانسۆر دەبەستێت لەرێگەی ئەو سنوورانەوە. بۆیە ئیدارەی کوردەکانی سوریا و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیانداوە بۆ بە فەرمیکردنی بەرێوەبردن و دەستبەسەراگرتنی دەروازە سنووریە هاوبەشەکان، بەمەبەستی گومرگ و ئاسانکاری بۆ بازرگانی و قاچاخچێتی.

سەرەرای هەوڵدان بۆ هاوکاریکردن لەسەر پرسەکانی سنووری نێوان ئیدارەی کوردەکانی سوریا و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشهاتە ناوچەییەکان کێبرکێی نێوان هێزە کوردییەکانیانی قووڵتر کردووەتەوە.

پەیوەندی نێوان پەیەدە و پەکەکە بە ئامانجی کۆنترۆڵکردن و بە رێوە بردن یان دابە شکردنی دە سەلاتە لە باکووری رۆژهەڵاتی سوریا و شەنگال. کە بە تێپەربوونی کات، سنووری عێراق و سوریا بۆتە گۆرەپانی سەرەکی ئەم رکابەریە. لەهەمانکتدا هێرشە ئاسمانییەکانی تورکیا و

لەشکرکێشیە سەربازیەکانی تورکیا بۆ سەر پەکەکە حاڵەتێکی تری نەرێنی و تێکدەری زیاتری ئەو دۆخە نائارامەیە. بەرژەوەندیە ئابووریە ناسکەکان کە پێویستە پاڵنەربن بۆ هاوکاریکردنی هەردوولا لەرێکخستنی کاروباری سنوورەکاندا، بەڵام کێشە بنەڕەتییەکان کە ڕەگ و ریشەی مێژوویی قووڵیان هەیە لە نێوان بارزانی و پەکەکەو تەواوی حزبەکانی کوردیەتیدا، یان وەک هێزی میلیشیاو تالانچی بونیان هەیە، زەمینەی گرژی و ئاڵۆزی زیاتر دروست دەبێت تا ڕێکەوتن.

بارزانی پێیباشە واقیعی سنوورەکان نەگۆڕن و سنوورەکانی ئێستایان وەک سنووری دەسەڵاتی خۆیان بەرجەستەکردوە. ئاواتەخوازن ئەم سنوورانە بە فەرمی بکرێت بۆیان، بۆئەوەی قەوارەی ئێستایان لەبەرامبەر حکومەتی عێراقدا پارێزراوبێت. بۆ ئەمەش چاوەڕوانن بەپشتیوانی و دانپێدانانی نێودەوڵەتی لەلایەن زلهێزەکانەوە رەسمیەت وەربگرێت. بۆیە پارتی لەئێستادا هەر دەستکاریکردنێک لە سنووره نێودەوڵەتیەکانی ئێستادا ڕەتدەکاتەوە. لەبەرامبەریشدا پەکەکە لەژێر ناو و پەردەی شۆڕشگێڕانەوە کە ئامانجی تێپەڕاندنی سنوورەکانی ئێستایە، وەک ئامرازێک بۆ فراوانکردنی پێگەو نفوزی خۆی دەبینێت.

بەڵام لەپەیوەند بەو دۆخەی ئێستاکە لە ناوچەکەدا دەگوزەرێت، لەلایەک هەوڵدانی بچوککردنەوەی قەوارەی حکومەتی هەرێم لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، هەروەها دەخالەتی ئێران و تورکیا و ڕۆڵی رۆژئاواو ئەمریکا لە ناوچەکەو دارشتنی داهاتوی سنوری عێراق و سوریا، بەدەر لە ویستی بارزانی و پەکەکە، هەردوو ئاراستەی بارزانی و پەکەکە، خراونەتە بەر بەجێمانیان لە ناو دوریانێکی تاریکدا . ململانێ و کێشە ناوخۆیەکانی سوریا و سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی لەرۆژئاوای عێراق، کاریگەریی بەردەوامی لەسەر ناوچەی سنووری نێوان عێراق و سوریا بەجێهێشتووە. هێزە کوردیەکان لە ئەنجامی شکستەکانی داعش سەرکەوتوو بوون لە دامەزراندنی کۆنترۆڵ لە هەردوو دیوی سنووری سوریاو عێراقدا. ئەمەش هەر زوو بووە سەرچاوەی کێبڕکێی نێوان پارتی و پەکەکەو لایەنە کوردیەکانی سەربە پەکەکە، کە هەمویان دەستیان کرد بە کێبڕکێ لەگەڵ یەکتر بۆ بەدەستهێنانی"خاک و سەروەت و سامان".

لە سوریا، ڕژێمی بەشار ئەسەد لە هاوینی ٢٠١٢ دەستی بە کشانەوە کرد لە ناوچە کوردنشینەکان لە باکووری رۆژهەڵاتی سوریا. ئەم کشانەوەیە ڕێگەی بە پەیەدە دا کە بەشێکی زۆری ئەندامەکانی پەیوەست بن بە پەکەکە، تا بتوانن بوونی خۆیان بچەسپێنن. پەیەدە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٢ وە ناوچە سنوورییەکانی لەگەڵ عێراق کۆنترۆڵکردووە، بەتایبەتی دەروازەی سێمالکا لە دیوی باکوورەوە. لە تشرینی دووەمی ٢٠١٣دا فراوانتر بووەوە بۆ باشوور، بۆ درێژکردنەوەی کۆنترۆڵی خۆی بەسەر شارۆچکەی ئەلیاروبییە ، هەروەها لە مانگی ئازاری ٢٠١٩دا بۆ شارۆچکەی ئەلباغوز لە باشوور بەدرێژایی ڕووباری فورات.

ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغدا لەسەر ناوچە سنوورییەکانی زوممار و شنگال کە ئێستا بەشێکن لە پارێزگای نەینەوا، کاتێک حکومەتی هەرێم لە ئەیلوولی ٢٠١٧ ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ڕێکخست، لە بەرامبەر ئەم هەنگاوەدا حکومەتی عێراق، بە پشتیوانی هێزەکانی حەشدی شەعبی و هاوپەیمانی لەگەڵ ئێران، دەستوەردانی سەربازی کرد و ناوچە جێناکۆکەکانی کۆنترۆڵکرد و سزای ئابووری بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سەپاند. لەرۆژئاوای نەینەوا، هێزە ئەمنییەکانی عێراق و هێزەکانی حەشدی شەعبی، دەستیان بەسەر ناحیەکانی ڕەبیعە و زوممماردا گرت. لەنێویاندا دەروازە سنوورییەکانی فیشخابور و ئەلوەلید، بە ئامانجی ڕاگەیەندراوی دووپاتکردنەوەی سەروەری دەوڵەت لەسەر سنوورەکان. لەکاتێکدا هێزە ئەمنییەکانی عێراق و حەشدی شەعبی توانیان کۆنترۆڵی دەوڵەتی عێراق بەسەر زۆربەی ناوچە جێناکۆکەکاندا درێژ بکەنەوە، بەڵام دوای ئەوەی ڕووبەڕووی هێزە کوردە چەکدارەکانی سوریا بوونەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر نەیانتوانی شارۆچکەی فیشخابور و ئەلوەلید کۆنترۆڵ بکەن.

لەرێگەی نێوەندگیری ئەمریکاوە، گەرانەوەو پاشکۆبونی حکومەتی هەرێم بۆ بەغدا جێبەجێ کرا. هاوکات پەکەکە زۆرینەی نفوزی خۆی لە ناوچەکانی باشووری زوممار لە نێویاندا شەنگال لە دەست دا و گرووپێکی دیکەی کوردی بە ناوی پەکەکەوە دەستیان کرد بە بنیاتنانی بنکەی پشتیوانی.

ئەم گۆڕانکاریە ناوچەیە لەسەر سنوورەکان، لەسەرەتادا هەستی ناسیۆنالیستی کوردی بەجۆرێک هەڵگیرساند و خەونی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بەرێخست، هەر بەم ئاراستەیەش بارزانی رفراندۆمی هەڵخراند، بەڵام لەهەمانکاتدا رکابەریی نێوان پەکەکە و بارزانی توندتر کردەوە. ئەم کێبڕکێیە لە ئەنجامی کێبرکێیەک لەسەر زەوی و سامان و پێگەی سیاسی هاتە ئاراوە. هەروەها ململانێی نێوان دوو دیدگای جیاوازە، کە مانای جیاوازی بە چۆنیەتی مامەڵەی سنوورەکان و خاک و داهات پیادەدەکرێت. ئاراستەی پەکەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە مانەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق پێویستی بەوەیە کە بەرگری لە سنوورەکانی بکات. پەکەکە ئەو وێنایە ئەدات زۆرێک لە ناسیۆنالیستە کوردەکان بۆ دەیان ساڵە بەربەستن لە بەردەم یەکگرتوویدا، پارێزگاری سنوورەکان بەرێگای یەکریزی کورد پێناسە دەکات بۆ بنیاتنانی خەونی دەوڵەتی داهاتوویان.

لەم چوارچێوە ئاڵۆزەدا، ئەم گرووپە هەمەچەشنانە بە دیدگاو بەرژەوەندی جیاوازەوە هەوڵ دەدەن ئەو سنوور و دەروازە سنوورییانە کۆنترۆڵ بکەن کە سەرچاوەی ئابووری و سیاسی و پێگەی چەکداریانە. پارتی و پەکەکە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بون پێگە و نفوزی سیاسیان نەخەنە بەردەم هاوسەنگی هەر هێزێکی کوردی ترەوە. یان بەمانایەکی تر هیچ پەیوەندیەک لەگەڵ لایەنێکی تری کوردیدا نابەستن

گەر خۆیان بالادەست نەبن تێیدا.

هیچ ڕێکەوتنێکی هاوبەش بۆ ئیدارەی سنورەکان لەگەڵ لایەنێکی تری کوردیدا ناکەن گەر بەزیانیان بێت.

پێش سەرهەڵدانی ململانێکان لە سوریا لە ساڵی ٢٠١١، پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوچە زۆرینە کوردییەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا زیاتر سیاسی بوو، سنووردار بوو بە ژمارەیەکی کەم لە کوردانی سوریا کە نیشتەجێی هەرێمی کوردستانی عێراق بوون. بەڵام ئەمڕۆ ئەم پەیوەندیانە جگە لە ململانێی دەسەڵاتی بارزانی و پەکەکە لایەنێکی ئابوریان هەیە مانایەکی تری نیە.

دەروازە سنوورییەکان کە لە ساڵی ٢٠١٦ لەنێوان هەردوو هەرێمدا دامەزراون، ناوچەکەیان کردۆتە ناوەندێکی ئابوری لە بەرێخستنی بازرگانی و قاچاخچێتی. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم ناوچە سنوورییە کە لە نێوان دوو دەوڵەتی سەربەخۆدا نییە، بەڵکو لە نێوان دوو قەوارەی سیاسیدایە کە نمونەی سەرکردایەتی کوردایەتیان هەیە.

لەم بەشە سنوورییەدا کە ١٥٠ کیلۆمەتر درێژ دەبێتەوە و لە سێگۆشەی سنووری نێوان عێراق و سووریا و تورکیاوە دەست پێدەکات و بەرەو باشوور درێژ دەبێتەوە تا ناحیەی ئەلبەعاج لە پارێزگای نەینەوا لە دیوی عێراق، تا ئەلشەدادی لە دیوی سوریا، لە لایەکی ترەوە چوار دەروازەی سنووری و خاڵی چوونە ژوورەوە هەیە: ڕەبیعە-الیعربیە، سێمالکا، فیشخابور، ئەلوەلید، و ئەلفاو.

دەروازەی سنووری ڕەبیعە-الیعربیە لەلایەن حکومەتی عێراق و سوریاوە وەک دەروازەیەکی سنووری فەرمی ناسێنراوە. بەڵام حکومەتی سوریا توانای دەستراگەیشتن و بەکارهێنانی لەدەستداوە. لە ساڵی ٢٠١٣ەوە بە داخراویی ماوەتەوە. یەپەگە دوای ئەوەی لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٣ شەڕیان لەگەڵ چەکدارە ئیسلامییەکان ئەنجامدا، توانیویان کۆنترۆڵی بکەن.

دەروازەی سنووری سێمالکا- فیشخابور دەکەوێتە نێوان شارۆچکەی فیشخابور لە کەناری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە، لە پارێزگای دهۆک، شارۆچکەی سێمالکا لە ناوچەی ئەلمالیکیەی سوریا. ئەم پەڕینەوە خاڵێکی ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقە کە بە فەرمی دانی پێدا نانێت. لە ئێستادا دیوی عێراق لەلایەن بارزانییەوە بەڕێوەدەبرێت و هەسەدەش دیوی سوریایان کۆنترۆڵ کردوە. پێشتر ئەو پەڕینەوە لە خاڵێک زیاتر نەبوو بۆ جوڵەی بێمۆڵەتی سیاسەتمەداران و چەکدارە کوردەکان، بەتایبەتی بە بەلەم لەڕووبارەکە دەپەڕینەوە. دوای دروستکردنی پردێکی پۆنتۆن لە ٢٦ی ١ی ٢٠١٣، ئەم خاڵە بوو بە دەروازەیەکی سنووری. ئەمەش دوای ئەنجامدانی ڕێکەوتنی هەولێر، لەنێوان کۆمەڵێک لە پارتە کوردیەکانی سوریا بە سەرۆکایەتی پەیەدە و ئەنجومەنی نیشتمانی کورد بە پاڵپشتی پەکەکەو بە سپۆنسەری مەسعود بارزانی. ڕێککەوتنەکەیان پشتگیری لە پێداویستیەکانی هەردوو گروپەکە کرد بە ئاسانکاری بۆ پرۆسەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و گواستنەوەی نەخۆشەکان بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ چارەسەرکردن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کردنەوەی ئەو دەروازە سنوورییە ڕووبەڕووی ئاستەنگی بووەوە. بەتایبەتی کە هەنگاوێکی لەو شێوەیە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە، چونکە دیمەشق و بەغدا دان بەو دەروازەیە نانێنن. بەڵام پارتی درکی بە گرنگی ئەم پەڕینەوەیە کرد، چ لەڕووی ڕەمزییەوە وەک ڕێگەیەک بۆ نیشاندانی هاودەنگی لەگەڵ کوردەکانی سوریا، لەڕووی سیاسیەوە وەک ئامرازێک بۆ فشارخستنە سەر لایەنە کوردیەکانی سوریا بۆ هاوکاریکردن بەرێگەدانی ئەنجوومەنی نەتەوەیی کورد بۆ ئەوەی ڕۆڵی هەبێت لەسەر گۆڕەپانی سیاسی. بەڵام پرسی بەڕێوەبردنی پەڕینەوەکە بووە هۆی ئەوەی کە دووبەرەکی لەنێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە کوردیەکانی سوریا دروست ببێت.

هەندێکجار پەڕینەوەکەیان بە تەواوی یان بەشێکی داخراوە. بۆنموونە لە ١٩ی ئایاری ٢٠١٣ دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بڕیاریاندا دەروازە سنوورییەکان بەتەواوی بەڕووی هەموو لایەکدا دابخەن، جگە لە حاڵەتە مرۆییەکان و نەخۆشەکان. دوای ئەوەی پەیەدە حەفتا و پێنج ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردی سوریای دەستبەسەرکرد، کە نزیکە لە بارزانیەوە، هاتوچۆی سنوور بەزاندن دەستپێکردەوە. لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٤، حکومەتی هەرێمی کوردستان خەندەقێکی هەڵکەند بە درێژایی١٧ کیلۆمەتری بۆ ڕێگریکردن لە دزەکردن لە لایەنی سوریاوە.

دەروازەی سنووری ئەلوەلید، دەکەوێتە ناحیەی زوممار کە بەشێکە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان لە نزیک پارێزگای دهۆکە، لە کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەیە و نزیکە لە سێگۆشەی سنووری عێراق-سوریا-تورکیا. ئەم دەروازە لەلایەن کوردستانەوە کۆنترۆڵکراوە حکومەتی هەرێم لە دیوی عێراق و لایەنە کوردیەکان لە دیوی سوریا. لە ساڵی ٢٠١٣ حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای داخستنی دەروازەی سێمالکا- فیشخابور بەشێوەیەکی کاتی کردیەوە. ئەوەش دوای ناکۆکیەکەی لەگەڵ هەسەدە،ڕێگەی پێدرا کە ئەو پەڕینەوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە هەرێمی کوردستانەوە بەرەو سوریا دەڕۆن، یان بە پێچەوانەوە بەکاربهێنرێت، وەک دەربڕینی دژایەتی پەکەکە بۆ هەر هاوکارییەک کە پەکەکە بەلایەنە کوردیەکانی سوریای دەکات. بەهەمانشێوە هێزەکانی ئەمریکا ئەم دەروازەیان بەکارهێنا کاتێک لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ لە سوریا کشایەوە.

دەروازەی سنووری ئەلفاو، کە خاڵێکی نافەرمی هاتنە ژوورەوەیە، دەکەوێتە نێوان باکوور و باشووری شەنگال لە دیوی عێراقەوە، بەرامبەر ناوچەی نێوان ئەلیعربیە و قەزای ئەلهەوڵ لە دیوی سوریاوە، بە فەرمی بۆ گواستنەوەی خۆراک و هاوکاری مرۆیە بۆ سوریا. بە تایبەتی لەلایەن ئەوکەسانەی پەکەکەوە بەکارهێنرا بۆ دەستەبەرکردنی تێپەڕینێکی سەلامەت بەرەو سوریا بۆ دەیان هەزار ئێزیدی کە لە دەست هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال هەڵاتبوون.

بەگوێرەی سەرچاوە ناوخۆییەکان و بەرپرسانی عێراق، وادیارە پەکەکە زیاتر پەیوەندی بە دەروازە نایاسایییەکان و بازرگانی و قاچاخچێتی لە دەروازەی ئەلفاو زیاتر دەبێت. دەسەڵاتدارانی عێراق دەستیان بە زیادکردنی ژمارەی کارمەندەکانیان نەکرد کە لەو ناوچەیەدا جێگیرکراون، تا دوای ئەوەی شەڕ و پێکدادان لەنێوان چەکدارەکانی سەر بە پەکەکە و پاسەوانی سنووری عێراق ڕوویدا، تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠. دوای ماوەیەکی کەم لە واژۆکردنی ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەستیان کرد بە جێگیرکردنی کارمەندی زیادە لە شنگال. وە لە نزیک ئەم ناوچە سنوورییە بۆ سنووردارکردنی چالاکییەکانی پەکەکە و توانای چالاککردنی لە ناو خاکی عێراقدا.

ئەولەویەتەکانی دەسەڵاتە ناوخۆییەکان بەپلەی یەکەم بازرگانین. دەروازەی سێمالکا-فیشخابور بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ گواستنەوەی خۆراک و کەرەستەی سەرەکی دیکە بەکاردێت. لە لایەنی سوریاوە نزیکەی دە فەرمانگەی گومرگی ناوخۆیی لەگەڵ بازرگانان کاردەکەن بۆ ئاسانکاری کارکردن و پاشەکەوتکردنی کات. لەنێو ئەو کاڵا ستراتیژییە سەرەکییانەی کە لە هەرێمدا بازرگانی پێوەدەکرێن: ئاسن، شەکر، چیمەنتۆ و پیو. لە لایەنی حکومەتی هەرێمەوە کۆمپانیایەکی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنترۆڵی پەڕینەوەکە دەکات و باج لەسەر بەرهەمەکانی وەک پلاستیک، مۆبایل، قوماش و کەلوپەلی کارەبایی کۆدەکاتەوە.

سەبارەت بە دەروازەی سنووری ئەلولید، لەم دەروازە دەتوانرێ کاڵا بەڕێژەیەکی زۆرتر هاوردە بکرێت لەوەی کە لە دەروازەی سێمالکا هەیە کە توانای هەڵگرتنی پردی پۆنتۆن ٣٥ تەنە، بۆیە دەروازەی سنووری ئەلولید بۆ هاوردەکردنی ئاسن و چیمەنتۆ و پیو و شەکر دیاری کرابوو کە هەموو ئەمانە لەلایەن ئیدارەی لایەنە کوردیەکانی سوریا قۆرخ دەکرێن. هەندێکجار کاتێک لە وەرزی زستاندا دەروازەی سێمالکا دادەخرێت، دەروازەی ئەلولید دەبێتە جێگرەوەی بۆ ئاسانکاری بۆ جووڵەی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان. واتە گروپێک هەیە کە پەیوەستە بە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، ئەوی تریشیان کەسایەتیەکانی سەر بە پەکەکەن.

لەدوای ساڵی ٢٠١٤ دەروازەی ئەلولید و ئەلفاو بوونە خاڵی سەرەکی هاتنەژوورەوەی پەکەکە و چەکدارانی گروپی سەربەخۆی، کە هەوڵی بەزاندنی سنوور دەدەن. پەکەکە بەهەماهەنگی لەگەڵ بەرپرسانی ئەمنی عێراق، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیان بە گروپەکانی هاوپەیمانی ئێرانەوە هەیە، کاریان کردووە بۆ ئاسانکاری بۆ ئۆپەراسیۆنە سنووربەزێنەکانی چالاککردنی ڕێگاکانی قاچاخچێتی. ئەمانە بەتایبەت لە نێوان دەڤەری خانسور لە سوریا و قەزای شنگال کە دەروازەی ئەلفاو لێیە، کە لە دوای ساڵی٢٠١٤ بووە بە دەروازەیەک بۆ قاچاخچێتی، بەتایبەتی دوای دامەزراندنی ئیدارەی هاوپەیمانی لەگەڵ پەکەکە لە شنگال.

ئەنجامی ئەم دۆخە بەگوێرەی پێشهات و هاوکێشە سیاسیەکان ئەوە نیشان ئەدا، کە ئەم دۆخە ناتوانێ یەکلایی کەرەوە بێت بە قازانجی هەردوو هێزی بارزانی و پەکەکە، بەڵکو ڕێرەوی ئاڵوگۆڕەکان بە گشتی بزوتنەوەی کوردایەتی خستۆتە بەردەم تەسک بونەوەی پێگەی سیاسی و ناچارکردنیان بە قەبولکردنی هەر فشارێکی سیاسی کە پێیان دەبەخشن.

------------------------------------

بۆ ئەم وتارە سود لە وتارێکی خضر خضور و حارث حسن وەرگیراوە کە لەژێر ناونیشانی "تشكيل الحدود الكردية: معادلات النفوذ والنزاع والحوكمة في المناطق الحدودية العراقية السورية" نوسیویانە.

**بژاردەی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، بەشداریکردن لەگاڵتەجاری هەڵبژاردنی حزبە مافیایی و دزەکاندا نییە، بەڵکو ڕاماڵین و سپاردنی تۆمەتبارانیانە بەدادگای عادلانەی جەماوەری!**


**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم
فاییە: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**



سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی :
**عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی:
**خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

## درێژەی ....بارێگا نەدەین کوردستانی عێراق ببێتە مەیدانێک بۆ یەکلاکردنەوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەدژی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان!

سنورداركردنی جموجۆڵی حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی کوردستانی ئێران. وەک ئەوەی ڕاگەیەنراوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەیەوێت پلانەکە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوەو ئەندامانی ئەو هێزانە لە چەند کەمپێکدا کۆبکاتەوە و ئەگەر تا مانگی ٨ی ئەمساڵ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە خاکی هەرێمدا جێگیرن لە چەک دانەماڵرێت، ئەوا دەست بە هێرشی زەمینی دەکات.

ئەم پیلانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەکاتێکدایە کە لەماوەی ڕابردودا دەستی نەپاراستوە لە تیرۆری نەیاران و ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی ڕژێمەکەی لە کوردستانی عێراق، وە هەر لەم ماوانەی ڕابردودا بوو کە دوو ئەندامی حزبی دیموکراتی لە قەلادزێ و یەکێکی دیکەی لە هەولێر تیرۆرکردوە. ئەمە جگە لەوەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا، دەیان کەس لە ئۆپۆزسیونی کۆماری ئیسلامی لەهەرێمی کوردستان تیرۆر کراون و چەندین جاریش بە کاتیۆشا و درۆن بارەگای حزبەکانی ئۆپۆزسیونی بوردومان کردوە و بەرەوامیش بەپاساوی ناراست دێهاتە سەرسنورەکانی تۆپباران کردوە و لەئەنجامدا چەندین قوربانی لیکەتوتەوە.. ئەمانە هەمووی بەشێک بووە لە کارنامەی ڕەشی ئەم ڕژێمە نەگریسە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان و حزبە دەسەلاتدارەکان و تەنانەت لایەنەکانی دەرەوەی دەسەلاتیش، بێجگە لە هەڵبژاردنی بێدەنگی بەرامبەر بەم کردەوانەی کۆماری ئیسلامی، بەکردەوە بوونەتە پاشکۆی دەولەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و ئێران و بەشێوازی جۆراوجۆر هاوکاری ئەو ڕژێمەیان کردوە بۆ جێبەجێبوونی پیلان و سیاسەتەکانی لەدژی ئۆپۆزیسۆنی ڕژێمەکەی. ئەمە لەکاتێکدایە کەئەم کردەوانەی کۆماری ئیسلامی بۆتە مایەی نائارامی و پشێوی و تێکدانی ژیانی خەڵک، بەتایبەتی لەناوچە سەرسنورییەکان.

وەک ئاشکرایە کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام بوونی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی لەهەرێم، کردۆتە بەهانەیەک بۆ دەخالەتگەری سیاسی و سەربازی تا نفوزی خۆی لەبەرامبەر ئەمریکاو دەولەتانی ناوچەکەدا بپارێزێت. ئەمەش لەسەر حسابی تێکدان و نائارامکردنی ژیانی خەڵکی کوردستان. بەڵام پیلانی ئەمجارە کە لەژێر ناوی چەکداماڵینی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکاندا و بەهاوکاری هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم دەچێتەپێشەوە، لەدرێژەی ئەو سیاسەتە سەرکوتگەری و لەشکرکێشیەیدایە کە بۆ سەر شارەکانی کوردستانی ئێران و بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی ناڕازی و ئەو خرۆشانە شۆڕشگێرانەیە، کەلەیەک ساڵی ڕابردودا، کۆماری ئیسلامی ئێرانی خستۆتە بەردەم ڕوخانەوە. بەواتایەکی تر پیلانی داماڵینی چەک لەلایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان، ئەڵقەیەکی ترە لە زنجیرەی میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستانی ئێران و جێگیرکردنی سەربازگە و گرتن و زیندانیکردن و لەسێدارەدانی هەزاران کەس. بەدڵنیاییەوە ئەم پیلانەی کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵگای کوردستان بۆ نێو دەورەیەکی تر لە پەرەگرتنی تیرۆرو ئینسانکوژی و جەنگ و نا ئارامی و ئاوارەیی ڕادەکێشی و کارەساتێکی مرۆیی گەورە ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان و هەزاران پەنابەری ئێرانی دانیشتوی هەرێم دەکاتەوە. تەنانەت ئەگەر ئەم پیلانە سەربگرێت، کۆتاییهاتنی دەورو دەخالەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق و کوردستان قایمتردەکات و دەیسپێرێت بە کاتێکی نادیار و داهاتوی ناوچەکەش بە قازانجی بەرەی کۆنەپەرستان و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی دەبات.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا کە هەرجۆرە بەندوبەست و هاوکارییەکی حکومەتی عێراق و هەرێم بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران لەدژی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی سەرکۆنە دەکات، هاوکات دەسەڵاتدارانی بەغداو هەولێر بەرپرسیار دەکات لەچارەنوسی سالم و سەلامەتی ئەندامان و لایەنگرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نیشتەجێ لەهەرێمی کوردستان. بێگومان کۆتاییهێنان بە دەخاڵەت و دەستێوەردانە سیاسی و ئەمنی و سەربازیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان و ناوچەکە و بەشکستکێشانی پیلانەکانی، بەڕوخانی ئەم ڕژێمە و سڕینەوەی ڕۆڵی تێکدەرانەیەتی لەئاستی ناوچەکەدا. بۆ ئەمەش ئەرکی بەرەی ئازادیخوازان و جەماوەری زەحمەتکێشە لەپاڵ خەباتی شۆڕشگێرانەی ژنان ولاوان و خەڵکی ناڕازی ئێراندا ڕابوەستن و ئەرکی هاوپشتی و هاوخەباتی گەورە لە ئەستۆبگرن، تا سەنگەری خەباتی چینایەتی بۆ سەرنگونی کۆماری ئیسلامی ئێران بەهێزتر و بەرفراوانتر ببێتەوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، خەڵکی ئازادیخوازی شارەکانی هەرێم بانگەواز دەکات کە لە دژی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەنگ هەڵبڕن و بەفشار خستنە سەر دەسەلاتدارانی هەرێم ڕێگا نەدەن لەوە زیاتر کوردستانی عێراق ببێتە مەیدانێک بۆ یەکلاکردنەوەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی. هاوکات داوا لەهاوڵاتیانی هەرێم دەکات کە بەوپەڕی تواناوە، لەهەر پێشهاتێکدا، بەهانای ئاوارە و پەنابەرە ئێرانیەکانەوە بچن و لە هەر هاوکاریکرنێکیاندا درێغی نەکەن.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

٢٨/٧/٢٠٢٣

# پایە سەرەکییەکانی 'قەوارەی' هەرێم!

توانا موحەممەد نوری

لە هەرێمی کوردستان، پایە سەرەکییەکانی 'قەوارەکە' هەر لە پەرلەمان، حکومەتی هەرێم، وەزارەتی پێشمەرگە، 'دامەزراوە' ئایینیەکان تا دەگات بە میدیا، بەهۆی ناکۆکی، گەندەڵی و بێئاسۆیی لە قەیرانێکی قوڵدایە.

پەرلەمانی دەسەلاتدارانی هەرێم هەر لە سەرەتای دامەزراندنی و ڕۆژ دوای ڕۆژ پێگەی خۆی لە دەستداوە و خەڵک بە شوێنێک بۆ دزینی بەشێک لە داهاتی خۆیانی دەزانن. ئینجا لەبەرئەوەی ڕێژەیەکی زۆر کەمی خەڵک بەشداری لە هەڵبژاردنی ئەم خولەی پەرلەمانی دەسەلاتدارانیشی کرد، ئەم خولەی پەرلەمان بە گرژی و پشێوی ژیانی خۆی بەسەربرد.

پێش ئەوەی پەرلەمانی دەسەلاتدارانی هەرێم لەم خولەدا دابخرێ و بەرەو پشووی هاوین بچێت شەڕە بۆکس لەنێوان پەرلەمەنتارەکانی پارتی و یەکێتی ڕوویدا و پێشتریش پشێوی تر و شەڕ و پێکدادن لە نێوان پارتی و نەوەی نوێ و فراکسیۆنەکانی تر ڕوویدا.

ئەمە جگە لەوەی حکومەتی بەشێک لە دەسەلاتدارنی هەرێم بە هیچ شێوەیەک نەیتوانی ببێتە حکومەتی هاوبەشی هەموو دەسەلاتدارنی هەرێم. زۆنی زەرد و سەوز بە زەقی دەبینرت. یەکێتی نیشتمانی بۆ ماوەیەک لەسەر پێنەدانی بەشێکی زۆرتر لەو دزیی و تالانییەی لە کوردستاندا دەکرێ، لە حکومەت کشایەوە. سەرباری وەزعی شڕی حکومەتی دەسەلاتدارانی هەرێم لەلایەکی تریشەوە کەتۆتە ژێر فشارێکی بەردەوامی حکومەتی دەسەلاتدارنی ناوەند و ڕۆژ نییە ئیمتیازات و نفوز لە دەست نەدەن.

بەرپرس و دەسەلاتدرانی هەرێم ئەوەندە سومعە و ناوبانگیان زڕاوە، زۆر بەنهێنی و دوور لە چاوی میدیا و خەڵکەوە گەشت بۆ دەرەوەی وڵات دەکەن. بەرپرسەکان، لەترسی هێلکەبارانکردنیان، دوور لە چاوی دانیشتوانی کوردانی تاراوگە سەفەر بۆ ئەوروپا دەکەن.

هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بەبێ پشتیوانی تورکیا بۆ پارتی و ئێران بۆ یەکێتی بۆ یەک چرکەش ناتوانن تەنانەت لە ناوچەی نفوزی خۆشیان هەڵبکەن. جاران خەڵک ئاواتەخواز بوو بەرپرسێک، سەرکردەیەک یا پێشمەرگەیەک ببینێ بەڵام ئێستا پێچەوانەکەی ڕاستە.

ئەگەرچی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار هاوبەشن لە تالانکردنی سامان و داهاتی کوردستان بەڵام لەلایەکی تریشەوە نەفرەت لەیەکتر دەکەن و پیلان دژی یەکتر ئەنجامدەن. هاوپەیمانی لەگەڵ هێزو لایەن ناسیۆنالیستی و ئیسلامیە عەرەبیەکان و وڵاتانی ناوچەکەش دەکەن دژی یەکتر.

ڕۆژ نییە هەواڵی شەڕ و پێکدادن لە ناو وەزارەتی پێشمەرگەش نەبیستین. بەپێی ئامارەکان زۆرترین گەندەڵی لەم وەزارەتەدا دەکرێ. ناشتوانن، سەرباری فشاری ئەمریکا، هێزەکانیان یەکبخەن.

ئەگەرچی'دامەزراوە' ئایینیەکان ئازادی تەواویان هەیە بۆ ب،ڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی خۆیان بەڵام ئەمانیش لەژێر فشاری مەدەنییەت، ژیانی سەردەم و بزوتنەوەی سێکۆلاریی کەتونەتە ناکۆکی و دژایەتی لەنێوان خۆیاندا و ڕۆژ دوای ڕۆژ پێگەی خۆیان لەدەستدەدەن. 'دامەزراوە' ئاینییەکان بەشێکن لە پرۆسەی سیاسی لە کوردستان و ئەمانیش بەشێکن لەو گەندەڵی و بێسەروبەرییەی لەژێرسایەی ئەحزابی کوردایەتی بەڕێوەدەچێ.

خێزانی کوردایەتیش بەهیچ شێوەیەک ناتوانن بۆ یەک چرکەش یەکڕیز بن و پێگەی خۆیان بەرانبەر خێزانی شیعەی دەسەلاتداری ناوەند لەدەستداوە.

ئەگەر سەردەمانێک توانیان لەژێر فشاری ئێران بەرەیەک دروستبکەن، بەڵام لە ئێستادا تەنانەت نەیانئەتوانی لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەسەلاتدارانی هەرێم ڕێکبکەون. ئەگەر جاران بیرۆکەی کوردایەتی دەیتوانی خەڵک ڕابکێشێ ئێستا بەو هەموو میدیا، ڕۆژنامە، ماڵپەر و لاپەرەی فەیکی سەر تۆڕە کۆمەلایەتییەکان، ناتوانن سەرنجی خەڵک ڕابکێشن.

لە کوردستان میدیا حیزبییە و بۆ بڵاوکردنەوەی بیروبۆچونی حیزبەکانیان دامەزراون. هەروەها بۆ پرۆپاگەندە بۆ سەرۆک و جێگر و سەرکرادیەتی حیزبەکە دامەزراون. حیزبیش بە بنەماڵە کراوە. میدیاکانیش ڕەنگدانەوەی باڵی جیاوازی نێو بنەماڵەکەیە. میدیاکانیان بە پارەی دزین و تالانی دامەزراوە. پارەیەکی زەبەلاحیشیان تەرخانکردوە بۆ دروستکردنی پەرەی فەیک لەسەر تۆرە کۆمەلایەتییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ و فشار خستنە سەر هێزی ڕکابەریان. لەبەرئەوە خەڵک گرنگییەکی ئەوتۆ بەم میدیایە نادات. فرۆشی ڕۆژنامەکانیان زۆر دابەزیوە.

خزمەتگوزارییە گشتییەکان ڕۆژ دوای ڕۆژ خراپتر دەبێت و نە حکومەت و نە حیزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانیش گرنگی بە هیچ شێوەیەک بەمە نادەن. گرنگ ئەوەیە توێژی سەرەوەی حیزبەکان و دەوڵەمەندەکان ئاو وکارەبا و غازیان هەیە، ئیتر خەڵکیش بابۆخۆی 'هەڵپەڕێ!'.
خزمەتگوزارییە گشتییەکان خراونەتە ژێر دەستی کەرتی تایبەت و ژمارەیەکی پێ دەوڵەمەند دەکرێن. خوێندن، کارەبا، تەندروستی تایبەتیی کراون و

⇐

# خاڵێکی هاوسەنگیی نوێی ئیسلامی لە ئێراندا مومکین نییە!

## مەنسور حیکمەت

(پێشەکیەکی پێویست: ئەم بابەتەی لێرەدا دەیخوێننەوە قسەوباسی مەنسور حیکمەتە کە لە پلینۆمی ١٥ ی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، رۆژانی ١٨-٢٠ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٠ پێشکەشی کردوە. باسەکە بەشێوەی زارەکی پێشکەش کراوە و دواتر لەلایەن فاتح شێخ دوە ئامادەکراوە بۆ شێوەی نوسین. بەهۆی ئەوەی کە کوالیتی تۆمارکردنەکە زۆر باش نەبووە، هەندێک لە قسەکانی ماناکەی زۆر روون نەبووە، بۆیە هەندێ دەسکاری کراوەو رەوانە کراوە بۆ خۆی بەمەبەستی پێداچوونەوە. بەڵام پێدەچێ ئەو فرسەتەی بۆ نەخولقابێت. بەوجۆرە دەبینرێ کە لەهەندێ شوێندا یان قسەکە تەواو نەکراوە یان ماناکەی نارۆشنە.

سەرەرای ئەوە، ئەم باسە نزیکەی ٢٣ ساڵ لەمەوبەر پێشکەش کراوە، هەندێ مەسەلەکە کە مەنسور حیکمەت پێشبینی دەیکات لەپەیوەند بە ململانێی نێوان باڵەکانی رژێمی ئیسلامیەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە، بەڵام لێکدانەوەکەی بۆ پێگەی ئیسلام لە ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی ئێراندا و سیناریۆکانی روخان و سەرنگونی رژێمی ئیسلامی و مەسەلەی راپەڕین و شۆڕش و نەخشی راست و چەپ تێیداو سەرەنجام دەوری جەماوەر خەڵک لەو پرۆسەیەدا بۆ ئێستاش کە خرۆشانێکی جەماوەری لەئێراندا بەرێوەدەچێت، جێگای تێرامان و لێوەفێربوونە. بەم هۆکارەوە بوو کە وەرگێرانی ئەم بابەتەم بۆ زمانی کوردی لەم کاتەدا بەپێویست زانی- موحسین کەریم.)

من تەنیا ئاماژە بە کۆمەڵێک خاڵی سەرەکی دەکەم کە دەتوانرێت لە باسکردنی بارودۆخی سیاسیدا باس بکرێن. ناتوانم باسێکی هەمەلایەنە و تەواو بخەمەروو، دەمەوێت بۆچوونی خۆم سەبارەت بە هەندێک پرسیک دەرببڕم کە پێموایە لەدۆخی سیاسی ئێراندا گرنگن.

سەرنجی یەکەم ئەوەیە کە خەڵک کێشەیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە، خەباتی خەڵک لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا - ئێستا دەتوانین باسی ئەبعادەکانی بکەین- بەردەوامە، خەریکە توندوەبێتەوە و خەڵک بەشێوەی جیاواز کۆماری ئیسلامیان خستۆتەژێر پرسیارەوە. ئەمە جیاوازە بۆنموونە لە ئینگلتەرا، کە خەڵک حکومەتیان نەخستۆتە ژێر پرسیارەوە، یان سوریا، خەڵکی سوریا ئەمڕۆ حکومەتیان نەخستۆتە ژێر پرسیارەوە. لێرەش خەباتێک لەئارادایە، بەڵام دەوڵەت خۆی ئامانج نییە.

ئەوەی لە ئێران روویدا ئەوەیە کە پرۆسەیەکی نارەزایەتی سیاسی جەماوەری دەستی پێکردووە کە نارازیبوونی خەڵک دەردەخات؛ بەرای من هەموو توخم و پێکهاتە جیاوازەکانی ئابووری و سیاسەت و ئایدۆلۆژیا لەژێر ئەم نارەزایەتییە سیاسییەدا دەبینرێن. ئابوری ئێران ئەوەندە بەرهەم ناهێنێت کە خەڵک چاوەرێ دەکات دەستی بکەوێت و خەرجی بکات. قەیرانێکی ئابووری لەئارادایە و رێکخراوی ئابووریش لە پشێویدایە. لەرووی سیاسییەوە سەرکوت زاڵە، خەڵک سەرکوتیان ناوێت. لەروانگەی ئایدیۆلۆژییەوە حکومەتی ئایینی حوکمڕانی دەکات، خەڵک حکومەتێکی ئایینی ناوێت. هەموو ئەم توخمانە لە نارەزایەتی خەڵکدا ئامادەن، چ لە دۆخی ئابووری، چ لە سەرکوتی سیاسی، چ لە دۆخی ئایدیۆلۆژیی حکومەتدا. ئەگەر ئەم دووانەی ئەخیر واتە سەرکوتی سیاسی و دۆخی ئایدیۆلۆژی نەبووایە و تەنها دۆخی ئابووری خراپ بووایە، خەڵک دەچوون دەنگیان بە پارتێکی

---

ئەوەی بتوانی منداڵی دەنێری بۆ فێرگەی تایبەت، زانکۆی تایبەت و خەستەخانەی تایبەت و کارەباش بە ئەمپێر بە پارەیەکی خەیاڵی دەفرۆشرێت. سەرەرای خراپی رێگە و بان و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، کەچی باج زیادیکردووە. دەوڵەمەندەکان لە جاران دەوڵەمەندترن. هێرشەکانیش بۆ دابەزینی ئاستی ژیانی چینی کرێکار، خەڵکی کەمداهات و هەژار بەردەوامە.

لە کوردستاندا ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی هێزێکی کاریگەر نیەو بەشێکن لە پرۆسەی راگرتنی دەسەڵاتی میلیشیایی پارتی و یەکێتی. ئۆپۆزیسیون یاری بە هەست و سۆزی خەڵک دەکات و ئەمانیش رۆژ دوای رۆژ پێگەیان لاوازتر دەبێت. بەحوکمی ئەوەی حکومەتی دەسەڵاتدارانی هەرێم خزمەتگوزارییە گشتییەکانی پشتگوێ خستووە و بۆشاییەکی فراوانیان بەجێهێشتوە، بەشێک لەو ئۆپۆزیسیۆنە فەیکە بۆرژواییە هەوڵی داوە ئەو بۆشاییە بقۆزێتەوە بۆ خۆ دەوڵەمەندکردن و پرۆپاگەندە بۆ خۆیان.

بزووتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستیش بەرەو پێشەوە دەچن و وردە وردە بەشێنەیی کاریگەرییان لەسەر ژیانی گشتی دادەنێن، بەڵام خەڵک دەبێ ئەو پەرتوبلاویە بەجێبهێڵن، چونکە شەپۆلی داهاتووی نارەزایەتیەکانیان پێویستی بە رێکخراوبوون دەبێت.

چەپ دەدا بۆ جێبەجێکردنی پلانە ئابوورییەکەی. یان ئەگەر کێشەکە تەنها ئایدۆلۆژیا بووایە و ئابوری گەشەی بکردایە، ڕەنگە خەڵک زۆر نارەزایەتیان دەرنەبڕیایە، دانیان بەجەرگی خۆیاندا بنایە، چونکە قۆناغی خۆشگوزەرانی ئابووری زاڵە. یان ئابووری باش بووایە، دۆخی سیاسی و ئایدیۆلۆژی خراپ بووایە، ئابووری لەژێر دەسەڵاتێکی ئایدیۆلۆژیی سەرکوتگەردا کاری خۆی دەکرد، ڕەنگە وەک سالانی سەردەمی پینۆشە، خەڵک وردەوردە سیستەمێکیان لیبراڵیزە دەکرد کە نایانەوێت زۆر دەست لە ئابوورییەکەی بدەن .

بەڵام ئەو پرۆسەیەی ئێمە دەیبینین ئەم تایبەتمەندیانەی نییە، بەڵکو تایبەتمەندییەکانی بریتییە لە نارەزایەتی ئابووری، نارەزایەتی سیاسی و نارەزایەتی ئایدیۆلۆژی و هەموویان پێکەوە دەبینین، و ڕیک گرووپگەلێک هەن کە بەجۆرێک هانی سازشکردن دەدەن لە کۆمەڵگادا، ئەوانەن کە دەیانەوێت لە یەکێک لە ڕەهەندەکاندا چاکسازی بکەن و ئەوانی تریش بهێڵنەوە. گریمانەی ئەوان ئەوەیە کە یەکێک لەو ڕەهەندانە دەتوانێت بمێنێتەوە و ئەوانی دیکەش دەتوانن بگۆردرێن، بۆنموونە کۆماری ئیسلامی بە ئیسلامی بمێنێتەوە، بەڵام لەرووی ئابووری و ئایدۆلۆژیەوە پاشەکشە بکات، کەمێک عەلمانیتر بێت، بەڵام هێشتا تاک حزبی دەمێنێتەوە، هێشتا ئیسلامی دەمێنێتەوە؛ لەڕوانگەی بازارەوە چاکسازی لە ئابوریدا بکرێت و بەرەو ڕۆژئاوا هەنگاو بنێت. یان بۆنموونە ئەم مەیلانە هەن. هەریەکەیان شتێک گریمانە دەکەن. پێویستە ئابووری بگۆڕێت، بەڵام هەمان کۆماری ئیسلامی بەهەمان ئایدۆلۆژیاوە گۆرانکاریە ئابوورییە پێویستەکان ئەنجام بدات. بەرەو ڕۆژئاوا برۆن، هەندێکیان ئەم داواکارییەیان هەیە. یان لیبرالیزەکردن بەبێ گۆرینی بنەمای کۆماری ئیسلامی. ئەمانە لەخودی دەستەی حوکمڕانیدا دەبینین، ئەمانە مەیلن، هەریەکەیان شتێک بۆخۆیان گریمانە دەکەن.

ئەو پرسیارەی کە بەبڕوای من لەبەرامبەر ئەم قەیرانە ئابوورییە و ئەم نارازیبوونە سیاسییە و ئەو بۆشاییە ئایدیۆلۆژییەی ناو کۆمەڵگا کە بەئاشکرا دەرکەوتووە و هەموو جیهان دەیبینێت، دێتەپێشەوە، ئەوەیە کە ئایا خاڵێکی هاوسەنگی نوێی ئیسلامی لەم سیستەمەدا مومکینە؟ یان نا؟ ڕۆژئاوا ئێستا ،دواتر دیمەسەر ڕۆژئاوا، پێموایە دواجار بەشێوەیەکی پراگماتیک سەیر دەکات، هەنگاوێک بۆپێشەوە هەمیشە باشترە بۆ ڕۆژئاوا. ئەگەر کورەکەی کیم ئیل سونگ کەمێک زیاتر لە باوکی کۆریای باکوور لیبراڵیزە بکات، بۆ ڕۆژاوا باشترە. ئەو کاتە دنیایەک پیاهەڵدان بە کوری کیم ئیل سونگدا دەکەن، ئەو قۆناغەی کە گۆرباچۆڤ لە یەکێتی سۆڤیەت دەرکەوتبوو، یەڵتسین لایەنگری لێدان لە ڕەگوریشەی سۆڤیەتی پێشوو بوو، هێشتا پییانوانەبوو کە یەلتسن شانسی بەدەسەڵات گەیشتنی هەیە، هەموو داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکی جگە لە ژمارەیەکی کەم لە کۆنگرێسدا، لایەنگری گۆرباچۆڤ بوون. یەلتسن چەند لایەنگرێکی بچووکی هەبوو. مارگریت تاچەر تا ئەوکاتەی لە پۆستەکەیدا بوو، وەک لایەنگری گۆرباچۆڤ مایەوە. کاتێک کودەتایەک لەلایەن سوپای سۆڤیەتەوە ڕوویدا و شکستی هێنا، هەروەک چۆن لینین و بەلشەفیکەکان هاتنە سەر کار، کۆرنیلۆڤ و هەرەشەی کودەتا ئەوانی هێنایە سەر شانۆی دەسەلات، لێرەش کۆدێتای لایەنگرانی بەوەفای سۆڤیەت بوو وایکرد یەلتسن بێتەپێشەوە. لەوە بەدواوە دەرکەوت کە گۆرباچۆف سەرۆک کۆماری هیچ شوێنێک نیە. دوای ئەوەبوو کە چوونە پشت یەڵتسین.

لەئەنجامدا دەکرێ بوترێ کە ڕۆژئاوا سەرنج دەدات بزانێ کێ لە دەستەی حوکمرانیدا نوێنەرایەتی گۆرانکاری دەکات لە هەنگاوی داهاتوودا تا پشتیوانی لێبکات. ئەگەر ئەم گۆرانکاریە ڕوودات، ئەوان کەسێکی دیکە لەناو سیستەمدا دەدۆزنەوە و لە سیاسەتی داهاتوودا بەرگری لێدەکەن. هەرگیز حکومەتێکی ڕۆژئاوا نادۆزیتەوە کە بلێت "ئێمە لەگەڵ سەرنگونیی یەکجاریی رژێمی ئیسلامی داین!" هاوسەنگییەکی جیهانی لەئارادایە، باسی تیرۆریزم دەکەن، بەڵام ڕێکارێکی دیپلۆماسی هەیە کە ڕێگە نادات حکومەتێک پشتگیری لە سەرنگونیی حکومەتێکی تر بکات. تەنانەت لە عێراقیش ئەم کارە ناکەن، لە کاتێکدا دەیانەوێت سەدام حوسێن برووخێت، بەڵام سەرۆکی ئەمریکا نایەت بەراشکاوی ئەمە بڵێت، دەڵێت ئێمە دەمانەوێت لیبراڵ بێت، دەمانەوێت خەڵک حکومەت بەدەستەوە بگرن. هەرچۆنێک بێت جارێکی تر دەگەڕێمەوە سەر ڕۆژئاوا، ئەو وەلامەی ڕۆژئاوا دەیداتەوە کە بەدوای خاڵێکی هاوسەنگی نوێی ئیسلامیدا دەگەڕێت، کە دەیەوێت ڕژێم زیاتر لیبراڵ و لایەنگری ڕۆژئاوا بێت، هەڵوێستێکی پراگماتیکییە. دەڵێت با هەوڵ بدەین بۆ دروستکردنی ئەمە، ئەوەی کە ئێستا مومکینە یان نا، ئەوە بەخودی ڕۆژاواوە پەیوەستە. بەرگریکردنی ڕۆژئاوا لە خاتەمی یان حکومەتی ئیسلامی لەجۆری خاتەمی، ئاماژەیە بۆ بەرگری ستراتژیکی ڕۆژئاوا لە حکومەتێکی ئیسلامی لە ئێران، ئاماژەیە بۆ بەرگریی پراگماتیکی ڕۆژئاوا لە باشترکردنی بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ڕەنگە دواتر داوا لە ئێران بکرێت پەیوەندی پێوە بکات. دەتوانین باس لەوە بکەین کە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لەگەڵ چ جۆرە حکومەتێکدا دەگونجێت، چونکە لە قۆناغەکانی داهاتوودا، کاروباری ئێمە لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئەم حکومەتانەدایە، نەک لەگەڵ حکومەتی ئێستادا، بەتایبەتی کە ڕۆژئاوا بۆ بەرگریکردن لەم حکومەتە بۆردومانی هیچ ئۆپۆزسیۆنێک ناکات، بەڵام لە بەرگریکردن لە حکومەتە ستراتیژییەکەی لە ناوچەکەدا ڕەنگە بە شێوەیەکی جیاواز ڕەفتاربکات.

**ماویەتی ..... لە ژمارەکانی داهاتوودا بڵاودەبێتەوە.**